National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## دەیەم راپۆرت: گرفتەکانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان

**تەموزی ٢٠١٨**

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

١/٨/٢٠١٨

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢. کارنامەی یەکەکە
٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

# ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تارادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاولاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەلایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دوەم: راپۆرت

١. دەستپێک

٢. رێژە و جۆری نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان

٣. لەبری چارەسەر مەترسی لەسەر ژیانی بەشێک لە نەخۆشانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان هەیە

٤. دەتوانرێت چیبکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان؟

٥. شێوازی دابینکردنی دەرمان بۆ هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان و چۆنیەتی پێدانی بە نەخۆشەکان

٦. خزمەت گوزاریەکان لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە چ ئاستێکدایە؟

٧. ئەو نەخۆشیە درێژخایەنانانەی لە گەرمیان هیچ بەشێکیان بۆ نەکراوەتەوە

٨. نەبونی نەخۆشخانەو سەنتەری تایبەت بەنەخۆشییە درێژخایەنەکان کاریگەری لەسەر نەخۆشەکان چی بوە؟

٩. وتەی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

## ١. دەستپێک:

نەخۆشییە درێژخایەنەکان ئەو نەخۆشایانەن کە کەسی توشبو بەردەوام پێویستی بە چاودێری و رێنمایە لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان، لە ئیدارەی گەرمیان جگە لە هۆبەیەک بۆ زیاتر لە (١٠.٠٠٠) نەخۆشی درێژخایەن هیچ نەخۆشخانەیەک یان سەنتەرێک بۆنەخۆشانی درێژخایەن بونی نیە، ئەم نەخۆشانە سەرەڕای قورسی ژیانیان بەشێکی زۆریان بەهۆی زۆری هاتوچۆکردنیان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی ئیدارەی گەرمیان لە ئاستێکی مادی زۆر خراپدان، بەپێی بەدواچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بەشێک لە نەخۆشەکانی ئەم بەشە بەهۆی پشتگوێخستنیان بە بیانوی جۆراو لە لایان پزیشکان و نەبونی دەرمانەکانیان بێئومێدبون لە سەردانیکردنی نەخۆشخانەکانی قەزای کەلار و کفری.

## ٢. رێژە و جۆری نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان

بە پێی ئامارەکانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان ژمارەی نەخۆشەکانی گەرمیان زیاتر لە (٨٠٠٠) نەخۆش دەبن، ئەمە بەدەر لەوەی رێژەیەکی زۆر لە نەخۆشەکان لەم هۆبەیە ناویان تۆمار نەکراوە ئەوانیش نەخۆشانی: (تالاسیما، هیمۆفیلیا، ئۆتیزم، ئەو نەخۆشانەی کە توشی لاوازی گورچیلە بون، توشبوانی شێرپەنجە لەگەڵ چەندان نەخۆشی دیکەی درێژخایەن)، بەم پێیەش دەردەکەوێت زۆرینەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان لەگەرمیان بێ شوێنن و بێچارەسەرن.

ئامارەکانیش بەم شێوەیە:

١. ژمارەی نەخۆشانی درێژخایەن لە قەزای کەلار:

بەپێی دواین ئامار ژمارەی نەخۆشە درێژخایەنەکان لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کە ناویان تۆمار کراوە لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان (٥٢٥٨) نەخۆشە، لەم خشتەیەی خوارەوە تەواوی ژمارەی نەخۆشانی درێژخایەن و جۆری نەخۆشییەکانیان دەخەینەڕو.

| زنجیرە | جۆری نەخۆشی دریژخایەن | ژمارەی نەخۆشەکان |
|---|---|---|
| ١ | فشاری خوێن (زەخت) | ٢٢٥١ |
| ٢ | DMشەکرە | ١٤٢٢ |
| ٣ | IHD جۆرە نەخۆشییەکی دڵە | ١٧٢ |
| ٤ | Cholesterol چەوری خوێن | ٣٩٩ |
| ٥ | زەختی چاو | ١٠٦ |
| ٦ | پرۆسات | ٣١ |
| ٧ | T4 غودەی دەرەقی | ١١٢ |
| ٨ | G غودەی سام | ٣٣ |
| ٩ | ASرەبو | ١٢١ |
| ١٠ | جۆرێک لە نەخۆشی دەرونی | ٢٧ |
| ١١ | Eگەشکە | ٢٥٦ |
| ١٢ | Psycho ژانی دەرونی، هیستریایی (سەرئێشەی دەرونی) | ٦ |
| ١٣ | ئۆتیزم* | ٢ |
| ١٤ | CVA نەخۆشییەکە پەیوەندی هەیە بە هاتوچۆی خوێن لەناو دەمارەکانی مێشکدا | ٢ |
| ١٥ | HF پەکەوتنی دڵ، لاوازی دڵ | ٨ |
| ١٦ | خەست بونەوەی خوێن لە ئافرەتانی دوگیان ئەمیش بە پێدانی دەرزی Clexam* | ٢١٠ |

* ئۆتیزم نەخۆشییەکە لە مێشکی منداڵ دا دروست دەبێت توشبوانی ئەم نەخۆشییە پێویستیان بە چاودێری وردە، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە بەرێوبەرایەتی چاودێری و

گەشەپێدانی کۆمەڵاتی گەرمیان بەردەستن (١٠٦) نەخۆشی ئۆتیزم بونی هەیە، بەڵام ئەم ئامارانە وردنین، چونکە ماوەی چەند ساڵێکە هیچ لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە بۆ وەرگرتنی ئاماری ئەم نەخۆشییە پێکنەهێنراوە. لە ئاماری هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەبینین تەنها (٢) نەخۆشیان چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان وەردەگرن.

*ئەو ئافرەتانەی لەکاتی دوگیانی توشی خەست بونەوەی خوێن دەبن دەبێت رۆژانە دەرزی Clexam بەکاربهێنێت ئەم ئافرەتانە بەهەمان شێوەی نەخۆشە درێژخایەنەکانی دیکە دەفتەریان بۆ دەکرێت لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەپێی ئەو ئامارەنەکانیش ژمارەیان لە بەرواری ٢٠١٨/١/١ تاوەکو کۆتایی مانگی تەموزی ٢٠١٨، (٢١٠) ئافرەتی دوگیانن. هەروەها کەمتر لە مانگێک دەبێت ئەم نەخۆشانە کارەکانیان لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و منداڵبون.

ب. ژمارەی نەخۆشانی درێژخایەن لە قەزای کفری:

ژمارەی نەخۆشە درێژخایەنەکان لە قەزای کفری و ناحیەی رزگاری لە بەرواری ٢٠١٨/١/١ تاوەکو ئێستا (٢٥٥٩) نەخۆشە .

ژیان حسێن، کارمەند لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، باس لەوە دەکات ئەم نەخۆشانەی قەزای کفری و ناحیەی رزگاری، لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان تەنها دەفتەریان بۆ دەکرێت بۆ وەرگرتنی دەرمانەکانیان دەبێت بچنە مەڵبەندە تەندروستیەکانی قەزای کفری و ناحیەی رزگاری.

ت. ژمارەی نەخۆشانی درێژخایەنی ئاوارە کە هاتونەتە ناوچەکە:

لەماوەی رابردودا بەهۆی تێکچونی ئارامی و داگیرکردنی ناوچەکانیانەوە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچە دابڕینراوەکان ئاوارەی ناوچەکانی گەرمیان بون بەمەش قورساییەکی زۆریان خستۆتە سەر کەرتی

تەندروستی گەرمیان، ئەگەرچی وەزارەتی تەندروستی هاوکاری خۆی بۆ ئاوارەکان دەربریوە، بەڵام لە گەرمیان وەزارەتی تەندروستی هیچ برە هاوکاریەکی تایبەتی بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی ئاوارەکانی ئەم ناوچەیە نەکردوە بەمەش تەواوی دەرمان و چارەسەرەکانیان لەسەر حسابی تەندروستی گەرمیان بۆ خەرج دەکرێت.

لەمبارەیەشەوە د.هاوکار برزۆ، لێپرسراوی هۆبەی دەرمان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: "نەخۆشە درێژخایەنەکانی ئاوارەکانیش لە هەمان هۆبەی ئێمە چارەسەرەکانیان وەردەگرن، ئەمە لەکاتێکدا ئەم شوێنە کارەکانی بۆ نەخۆشەکانی خۆشمان بەکەڵک نایەت".

ژمارەی ئەو ئاوارانەشی کە دەفتەریان بۆ کراوە و مانگانە چارەسەرەکانیان لە تەندروستی گەرمیان وەردەگرن لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە بەرواری ٢٠١٨/١/١ەوە بەم شێوەیە:

| زنجیرە | جۆر | ژمارەی نەخۆشەکان |
|---|---|---|
| ١ | نەخۆشە درێژخایەنەکانی ئاوارەی دوز | ٦٣ |
| ٢ | نەخۆشە درێژخایەنەکانی ئاوارەی عەرەب | ١١٨ |

# ٢. مەترسی لەسەر ژیانی بەشێک لە نەخۆشانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان هەیە

هەمیشە نەخۆش بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی پەنا بۆ پزیشک و چارەسەرە دەرمانیەکان دەبات بۆ نەخۆشە درێژخایەنەکانیش بەهەمان شێوە ئەم قسەیە راستە، بەڵام دەگونجێت لەکاتی پەناهێنانی نەخۆش بۆ پزیشک و دەرمان مەترسی  لەسەر ژیانی زیاتربێت لەبری سەلامەت بونی ژیانی؟

لە بەدواداچونی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەوە رون بوییەوە کە سەلامەتی ژیانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گەرمیان مەترسی لەسەرە لە روی ئەو چارەسەرانەی کە لەلایەن پزیشکانەوە بۆ نەخۆشەکان دەنوسرێن ئەو دەرمانانەشی کە لە هۆبەکە دەدرێن بە نەخۆش.

وەک د.هاوکار برزۆ، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، ئاماژە بە دەرمانێک دەکات کە مەترسیەکی زۆری بۆ سەر ژیانی بەکارهێنەرانی هەیە کەچی هێشتا لە هۆبەکەی ئەوان دەدرێت بە نەخۆش "لێرە هەندێک دەرمانی لێیە کە مەترسیەکی زۆر لەسەر ژیانی بەکارهێنەرانی دروست دەکات، نمونەش وەک (Valsart) کە لەزۆربەی وڵاتان لابراوە، چونکە مادەیەکی تێیدایە کە دیاریکراوە بە یەکێکە لە هۆکارەکانی توشبون بە شێرپەنجە".

بەهۆی ئەوەی بەشێکی دەرمانەکانی ئەم هۆبەیە کوالێتیان بەرز نیە نەخۆشەکان ناچار بۆ وەرگرتنی سودی تەواو لە چارەسەرەکان دەرمانەکانیان لە دەرمانخانە ئەهلیەکان چارەسەرەکانیان دەکڕن.

یەکێکی دیکە لە مەترسیەکانی سەر ژیانی نەخۆشانی درێژخایەنی گەرمیان ناڕێکوپێکیە لە چاودێری و پێدان و بەکارهێنانی دەرمانەکانیان. ئەو نەخۆشانەی کە دەفتەریان بۆ دەکرێت زۆرێک لە دکتۆرەکانیان ئامادەنین دوبارە بیانبیننەوە، نەخۆشەکەش ناچار بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەسەر هەمان چارەسەر بەردەوام دەبێت بێئەوەی پزیشک چاودێری بێت لە ماوەی بەکارهێنانی چارەسەرەکانی،

ڕەنگە زۆرجار نەخۆش ئیتر ئەو دەرمانە کاری لێناکات وەک چارەسەر یان ئیتر پێویست بکات چارەسەرەکانی بگۆڕدرێت شێوازی بەکارهێنانی دەرمان و مەترسیەکانی زۆر جار بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر جەستەی نەخۆش کاریگەرییە خراپەکانی دەرناکەوێت، لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی مردنێکی هێواشی نەخۆشەکان.

لەسەر ئەم حاڵەتە لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، باس لە بێباکی بەشێک لە پزیشکان دەکات کە ئامادەنین نەخۆشەکانیان ببین بەشێوەیەک هەندێکجار لە ژورەکانیان دەیانکەنە دەرەوە "پزیشکانی ئێرە بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەم تەرخەمن بۆ نەخۆشەکانیان لە نەخۆشخانە حکومیەکان تەنها بە ڕێیان دەکەن، بەڵام لە نۆرینگەکانی خۆیان وانین بۆ هەمان نەخۆش، لە هەندێک حاڵەتیش پزیشکەکە ناچاریشە وابێت، چونکە هیچ سیستەمێک لێرە نیە تا پزیشک نەخۆش بە ڕێکوپێکی ببینێت".

لەسەر ئەم بابەتە پزیشکان قسەی خۆیان هەیە و باسلەوە دەکەن ناکرێت هەرچی بو بخرێتە ئەستۆی پزیشک دەبێت سەرەتا سەیری سیستەمی نەخۆشخانەو چاودێری و ژمارەی نەخۆش و پێداویستیەکان بکرێت دواتر باسی پزیشک.

د.ئاسۆ فلامەرز، پسپۆری نەخۆشییەکانی قورگ و لوت و گوێ، هۆکارەکان دەبەستێتەوە بە ئیدارەدانی نەخۆشخانەکە بەدەر لەوەی پزیشکێک خۆی نەیەوێت حەقی تەواو بدات بە نەخۆشەکانی. ئەو دەڵێت: "لێرە نەخۆشخانەکانمان هیچ سیستەمێکی تەندروستی تێدا نیە، بە لێشاو نەخۆش روی تێدەکات. جا ئەبێت ئەوەش بوترێت نەخۆش لێرە بە هیچ فلتەرێک ناڕوات ڕاستەوخۆ پزیشکی پسپۆڕئەیبینێت، ڕۆژانە کەمترین نەخۆش بێتە ئێرە بۆ یەک پزیشک (٥٠) نەخۆش ئەبێت، بەپێی کاتیش بێت هەر نەخۆشێک (٢) خولەکی بەردەکەوێت، بەمەش ئەوە روندەبێتەوە سیستەمی نەخۆشخانەکە لە چ ئاستێکی خراپدایە".

بەهەمان شێوەی پزیشکان بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د.عەدنان تۆفیق، باسلەوەدەکات کە ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش کە ڕۆژانە دێنە نەخۆشخانەکە کاتی نەهێشتۆتەوە بۆ پزیشکەکان یەک نەخۆشی درێژ خایەن ببین "سەردانکردنی ژمارەیەکی ئێجگاری زۆری نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکە

وبینینان لە لایەن پزیشکانی هەناوییەوە وایکردوە ئەو پزیشکانە نەتوانن تەنها یەک نەخۆشی درێژخایەنیش بینن".

دەشڵێت: "ئەگەر وەزارەتی تەندروستی حەقی تەواو بدات بە نەخۆشخانەکانی گەرمیان ئەوکات ژمارەی پزیشکەکان زیاتر دەبن بەوەش دەتوانین پزیشکی تایبەت بەنەخۆشانی درێژخایەن دیاری بکەین وە".

## ٤. دەتوانرێت چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان؟

ئەو مەترسیانەی لە خاڵی پێشو باسکران بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکوپێکی ئیدارەدان و دروست نەکردنی لیژنەی تایبەت بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگانی رێژەو ئاستی نەخۆشییەکان، بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە رێکخستنەوەیە.

د.هاوکار برزۆ، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، هۆکاری ئەم کێشانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیدارەدانی نەخۆشخانەکان رێکخستنەوەو لابردنی ئەم شێوازەی ئێستا بەچارەسەرێکی خێرا دەزانێت و دەڵێت: "کێشەکانی ئێرە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئیدارەدان، چونکە لە کۆی پێنج پزیشکی هەناوی (باتنی) رۆژانە یەک پزیشکیان دادەنیشیت ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیش دێنە نەخۆشخانە ئەمەش پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر ئەو تەنها پزیشکە دروست دەکات کە هۆکارە بۆ نەدانی کات بە نەخۆشەکان".

دەشڵێت: "زۆر گرنگە دەفتەری نەخۆشەکان چاکسازی تێدا بکرێت واتە گۆڕانکاری تێدا بکرێت بە پێی پێویستی نەخۆشەکە ".

کارمەندێکی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان باسلەوەدەکات کە دەفتەرەکان زۆر بەکەمی گۆڕانکاریان تێدادەکرێت.

ژیان حسێن، دەڵێت: "ئەو دەفتەرانەی بۆ نەخۆشی دەکەین بۆ هەمیشە بەردەوام ئەبێت ئەگەر پزیشکی نەخۆشەکە دەرمانێک کەم و زیاد بکات تەنها ئەو گۆڕانکاریەی تێدا دەکرێت".

بەشێک لە پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی گەرمیان پێیانوایە نەبونی ئیدارەدانێکی بەهێز کارەکانی ئاڵۆزکردوە، ئەمە بەدەر لە پشتگوێخستنی تەندروستی ناوچەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

د.ئاسۆ فلامەرز، پسپۆری نەخۆشییەکانی قورگ لوت و گوێ، ئاماژە بەوەدەکات رێکخستنەوەی کارەکانی نەخۆشخانە پێویستی بە بەڕێوبەرێکی بەتواناو خاوەن بڕیارە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەم تێکچونەی بینینی نەخۆش بکات "نەخۆشخانە دەبێت بەڕێوبەرێکی هەبێت کە تواناى بڕیاردانی هەبێت، بتوانێت بەو دەسەلاتانەی کە هەیەتی نەخۆشخانەکەی رێکبخاتەوە و بتوانێت سیستەمێک بۆ بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشکانەوە دیاری بکات".

لە بەرامبەر ئەمەشدا بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە  کە ماوەی کەمتر لە مانگێک دەبێت لەم پۆستەدا دەستبەکار بوە ئاماژە بەوەدەکات لە بەرنامەیاندایە کە کارەکانی ئەم هۆبەیە بگۆڕن.

د.عەدنان تۆفیق، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی لە پێشو تریش من بەڕێوبەری ئەم نەخۆشخانەیە بوم، پلانم بۆ گۆڕینی کارەکانی ئەم هۆبەیە دانابو کە لە هۆبەیەکەوە بیکەین بە یەکەیەکی چاودێری تایبەتی نەخۆشانی درێژخایەن و ڕاستەوخۆ کارەکانی بچێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و پزیشکی تایبەتی بۆ دابرێت ئەوکات نەخۆشەکان بە ئاسانی لە لایەن پزیشکەکانیانەوە دەبینرێن".

وتیشی: "بۆ ئەم کارەش چاوەڕێی وەزیرین تاوەکو هاتە گەرمیان وەک داواکاریەکی سەرەکی بیخەینە بەرنامەی کارەکانی وەزارەتەوە بە دابینکردنی شوێنی گونجاو و پزیشکی تایبەت لەگەڵ پێداویستیەکانی تایبەت بە یەکەیەکی چاودێری".

## ٥. شێوازی دابینکردنی دەرمان بۆ هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان و چۆنیەتی پێدانی بە نەخۆشەکان

شێوازی دابینکردنی دەرمان بۆ هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان بەهەمان شێوەی دابینکردنی دەرمانە بۆ دەرمانخانە حکومیەکانی دیکەی ناوچەکە، بەشێوەیەک کە بەشێکی زۆری دەرمانەکان لیژنەکانی کڕینی دەرمان لە نەخۆشخانەکان دەیکڕن و بەشێکی دیکەشی وەزارەت بۆیان دابین دەکات.

لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، سەبارەت بەدەرمانخانەی هۆبەکەیان دەڵێت: "دەرمانەکانی ئێمە سەر بە کۆگای دەرمانی نەخۆشخانەی گشتی کەلارە".

لەسەر جۆر و کوالێتی دەرمانەکان، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەڵێت: "ئەمجارەی کۆتایی کوالێتی دەرمانەکان باشبوە کە کڕیویانە".

ئاماژە بەوەشدەکات لەکاتی گواستنەوەی دەرمانەکان لە کۆگای دەرمانی نەخۆشخانەکە بۆ هۆبەکەیان توشی کێشە دەبن "ئێمە سەیارەمان بۆ دابین نەکراوە بۆ هێنانی دەرمانەکان لە کۆگاوە بۆ هۆبەکەمان، بەمەش توشی کێشە دەبین لە کاتی هێنانی دەرمانەکان".

بۆ خەزنکردنی دەرمانەکانیش لە هۆبەکەیان دەڵێت: "بەهەمان شێوەی کۆگای دەرمانی نەخۆشخانە ئێمەش لە سەلاجە دەرمانەکان هەڵدەگرین ئەویش تەنها یەک سەلاجەمان هەیە".

بەشێکی دەرمانی نەخۆشە درێژخایەنەکان لە دەرمانخانەی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار و مەڵبەندە تەندروستی قەزای کفری و ناحیەی رزگاری نیە، سەبارەت بەو دەرمانانەشی کە نیە، دونیا عەلی، کە دایکی نەخۆشی درێژخایەنی هەیە، دەڵێت: "زۆربەی دەرمانەکان لە بازاڕ بۆ دایکمی دەکڕین چونکە لە نەخۆشخانە نیە".

بەرپرسی هۆبەکەش دەڵێت: "زۆرجار نەخۆش کە دێتە لای ئێمە دەبینین پزیشکەکەی پێنج دەرمانی بۆ نوسیوە، بەڵام تەنها دو دانە یان سێ دانەی لای ئێمە هەیە، چونکە هەر ئەو بڕ و جۆرەی دیاری کراوە لای ئێمە بەردەست نیە".

دەربارەی ئەو دەرمانانەشی کە ماوەی بەسەرچونی نزیکە لە بەشی دەرمانخانەی هۆبەکە دەدرێت بە نەخۆشەکان، ژیان حسێن، کارمەند لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، رونیدەکاتەوەو دەڵێت: "ئەو دەرمانانەی ماوەی بەسەرچونی نزیکە لێرە دەدرێن بەنەخۆشەکان بەمەرجێک ماوەی بەسەرچونەکەی لە مانگێک کەمتر نەبێت، لەسەر ئەوەش رونکردنەوە بە نەخۆشەکە دەدەین".

## ٦. خزمەتگوزاریەکان لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە چ ئاستێکدایە؟

دەفتەری نەخۆشەکانی گەرمیان ناوی بەڕێوبەری و ناونیشانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سلێمانی لەسەرە بەمەش دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی لە گەرمیان خزمەتگوزارییەکانی بۆ نەخۆشە درێژخایەنەکان پشتگوێخراوە و بە شێوەیەک پزیشکێک دەڵێت: ئەم هۆبەیە نەبونی باشترە.

ژیان حسێن، کارمەند لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، دەڵێت: "ئێمە تەنانەت دەفتەرەکەشمان ناونیشانی نیە ئەوەی هەیە ناو و ناونیشانەی سلێمانی لە سەرە".

زۆری ژمارەی نەخۆش و نەبونی نەخۆشخانەی تایبەت و کەمی پێداویستییەکان وایکردوە تەنانەت پزیشکانیش ناڕازیبن.

وەک (د.هاوکار برزۆ)، باسلەوەدەکات نەبونی ئەم هۆبەیە باشترە لە هەبونی بەم شێوەیە، چونکە هیچ پێوانەیەکی گونجاوی بۆ کارەکانی نیە.

ئاماژە بەوەشدەکات ئەو چارەسەرانەی لێرە بە نەخۆشەکان دەدرێت زۆربەی جار بە هۆی نەبونی کاتەوە پاڵەپەستۆی زۆر لە سەریان دروست دەبێت و رێنمایی نادرێت بە نەخۆشەکان "لێرە نەخۆشێکی زۆر هەیە لەبەر چاکسازی نەکردن لە چارەسەر و نە پشکنینیان لە لایەن پزیشکەکانیانەوە وەرگرتنی کۆمەڵێک دەرمان کە کوالێتی باش نیە داخستنی ئێرە باشترە بۆ نەخۆشەکان".

هۆکاری ئەمەش بەم شێوەیە روندەکاتەوە: "نەخۆشێک کە دەرمانێک وەردەگرێت ئەگەر ئێمە لەم شوێنە بچوکەوە نەتوانین پێی بڵێین کاتی گونجاو بۆ خواردنی ئەم دەرمانە کاتژمێر (١١:٠٠) شەوە، بەڵام ئەو دوای نانی ئێوارە بیخوات ئەوکات سودی چی ئەبێت بۆی لەزەرەر زیاتر؟ چونکە خواردنی دەرمان یان بەکارهێنانی ئەگەر بە شێوەی گونجاو رێنمایی تەواو نەبێت ئەوکات کاریگەری پێچەوانەی ئەبێت بۆ سەر ژیانی نەخۆشەکە".

لێپرسراوی هۆبەکە باس لەوەشدەکات نەخۆشیان هەیە شەش ساڵ ئەبێت پزیشکەکەی نەیبینیوە "گرنگترین شت بۆ نەخۆش رونکردنەوە و رێنماییە نەک تەنها پێدانی کۆمەڵێک مادەی کیمیایی کەپێی دەڵێین دەرمان، تەنها لەبەر ئەوەی ئەمانە نەخۆشییەکەیان درێژخایەنە ئیتر وازیان لێبێنیت، زۆر گرنگە لیژنەی پزیشکی هەبێت بۆ ئەم نەخۆشانە لەگەڵ لیژنەی چاودێر بۆ دەرمانەکانیان".

دونیا عەلی، کە دایکی بە بەردەوامی هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی سلێمانی دەکات بەهۆی نەخۆشییە درێژخایەنەکەیەوە باسلەوەدەکات کە ئاستی ئەم هۆبەیەی گەرمیان زۆر خراپە چونکە ئەو دەرمانە گرنگانەی کە دایکی پێویستیەتی لێرە بەردەست نیە: "ئەو دەرزی و دەرمانانەی کە نرخیان بەرزەو دایکم زۆر پێویستیەتی لێرە نیە".

نزمی کوالێتی دەرمانەکانی هۆبەکە هەندێک لە نەخۆشەکان بە ناچاری لە دەرمانخانەکان دەرمانەکانیان دەکڕن.

شەوکەت محەمەد، ژنێکی دانیشتوی قەزای کەلارە ئەو ماوەی زیاتر لە پازە ساڵە توشی نەخۆشی بەرزی فشاری خوێن (زەخت) و کۆڵیسترۆڵ (چەوری خوێن) بوە. لەماوەیەش بە بەردەوام دەرمان وەک چارەسەر بەکاردێنێت و دەفتەری هۆبەی نەخۆشیە درێژخایەنەکانی هەیە، بەڵام ئەو باس

لەوەدەکات بەهۆی نزمی کوالێتی دەرمانەکانەوە زۆرجار لە دەرمانخانەکان دەرمانەکان دەکڕن: "بونی ئەم هۆبەیە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، بەڵام ناسراوێکم کە پزیشکی دەرمانسازە پێی وتم کە ئەم دەرمانانەی وەری دەگریت بەشێکیان باشنین. بۆیە ئامۆژگاری کردم لە دەرمانخانەکان بیکڕم بۆ ئەوەی سود لە دەرمانەکە وەربگرم".

هەندێک لە نەخۆشەکان نەبونی شوێنی چاوەڕوانی وەستانیان بۆ وەرگرتنی دەرمانەکان بە یەکێک لە کەمو کورتیە دیارەکانی ئەم هۆبەیە دەزانن ئەوان دەڵێت بە هاوین لە بەرهەتاو دەوەستین زستانیش لە ژێرباران چونکە لە حەوشەی نەخۆشخانەکە چاوەڕێ دەبن لە ریزەکانی وەرگرتنی دەرمانەکانیان

محەمەد کەریم، نەخۆشێکە لە هۆبەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان ئەو توشی زەختی چاو بوە. بەم شێوەیە ئاماژە بەچۆنیەتی چاوەڕوانیان بۆ دەرمانەکانیان دەکات: "مانگانە چارەسەرەکانم وەردەگرم ئەمە باشە، بەڵام زۆر قەرەباڵەغە نەخۆش توشی پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەبێت تاوەکو دەرمانەکانی وەردەگرێت، چونکە لە بەر هاتاو دەوەستین و چاوەڕێ دەبین توشی ناڕەحەتیەکی زۆر دەبین. من گەنجم تاڕادەیەک باشم، بەڵام بەتەمەنەکان توشی ناڕەحەتی زۆردەبن ناگونجێت پیرەمێردێک تەمەنی سەرو (٧٠) ساڵ بێت لەبەر ئەم هەتاوە گەرمەی گەرمیان بوەستێت".

بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار د.عەدنان تۆفیق، ئاستی هۆبەکەی پێباشە لە روی ئەو کارانەی کە دەیکات "لە روی ئەو کارانەی کە بۆی دیاری کراوە ئاستی هۆبەکە باشە، بەڵام وەک پێویستی ناوچەکە نەخێر ئەم ناوچەیە لە ئاستی ئەم خزمەت گوزاریە نیە کە لەم هۆبە هەیە".

لە قەزای کفریش نەخۆشانی درێژخایەن ئەوەی بۆیان دەکرێت لە بواری تەندروستی هاوشێوەی نەخۆشخانەکانی قەزای کەلارە لە پێدانی دەرمانەکان بۆ بەشێکیان، بەڵام هیچ بەش یان سەنتەر و هۆبەیەک لە قەزای کفری بونی نیە بۆ نەخۆشانی درێژخایەن.

بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، حسێن شاکر، دەڵێت: "لە نەخۆشخانەکەی ئێمە هیچ هۆبە و بەشێکی تایبەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان نیە، ئەو نەخۆشانەی

قەزای کفری کە لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەفتەریان بۆ دەکرێت لە مەڵبەندی تەندروستی چارەسەرەکانیان وەردەگرن".

## ٧. ئەو نەخۆشیە درێژخایەنانانەی لە گەرمیان هیچ بەشێکیان بۆ نەکراوەتەوە

لەماوەی ساڵی رابردو بە پێی ئامارەکانی ناردنی نەخۆش لە گەرمیان نزیکەی (٤٠٠) حاڵەتی نەخۆشی درێژخایەن بەهۆی تێکچونی لەناکاوی باری تەندروستیان و نەبونی نەخۆشخانەو سەنتەری تەندروستی تایبەت بە حاڵەتەکانیان رەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کراون، ئەمەش هۆکارێکی پڕ مەترسیە بۆ زیاد بونی ئەگەرەکانی گیان لەدەستدانی ئەو نەخۆشانە بەهۆی درەنگ گەشتنیان بە شوێنی چارەسەرکردن.

نەخۆشانی تالاسیما بە بەردەوامی پێویستیان بەچارەسەرە بەمەش دەبێت ئەم نەخۆشانەی گەرمیان بەبەردەوامی بچنە دەرەوەی گەرمیان بۆ وەرگرتنی چارەسەر.

نەخۆشانی تالاسیما وهیمۆفیلیا و ئۆتیزم و شەلەل دەماخ لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی کە لەزگماکیەوە دڵیان ناساخە هاوشانی چەندین نەخۆشی دیکەی درێژخایەن هیچ ئامارێکی دروستیش بۆ توشبوەکان نیە ئەوەشی هەیە ئاماری پێش ساڵی (٢٠١٣)ن.

لەسەر ئەم پرسەش بەڕێوبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، دەرون عومەر، دەڵێت: "لە سنوری ئیدارەی گەرمیان هیچ نەخۆشخانەو سەنتەرێکی تایبەت بەم نەخۆشانە بونیە لە کاتێدا زۆر گرنگە بۆ تەواوی نەخۆشانی درێژخایەن لە نێونیشیاندا نەخۆشانی تالاسیما و هیمۆفیلیا".

بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتیشی: "لەسنوری گەرمیان دا تەنها نەخۆشانی هیمۆفیلیاو تالاسیما (١٦٨) نەخۆش بونیان هەیە لەگەڵ (١٠٦) نەخۆشی ئۆتیزم".

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەم ئامارانە وردنین "ئێمە تەنها ئاماری ئەو نەخۆشەیە درێژخایەنانەمان لایە کە نەخۆشی موچەخۆرن، ئەمەش پێش ساڵی (٢٠١٣) لەدوای ئەو ساڵەوە هیچ نەخۆشێکمان تۆمار نەکردوە".

لە تەواوی گەرمیان پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەم نەخۆشانە بونی نیە، لە گەڵ ئەمەشدا لە پێشوتر پلان هەبوە بۆ کردنەوەی شوێنێکی تایبەت بە نەخۆشانی تالاسیما لە گەرمیان بەڵام ئەم هەوڵە بۆچی پەکخرا؟

"ئەو کات من یەکێک بوم لەو کەسانەی کە رێگر بون لەبەردەم ئەو هەوڵانە". ئەمە وتەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د. عەدنان تۆفیق.

هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ "ئێمە نامانەوێت ژورێک دابنرێت بەناوی بەش بۆ نەخۆشی تالاسیما بێ پزیشک وبێ ئامێر، دواتر بوترێت کارەکانیان باشنین لەبری چارەسەر مەترسی زیاتر بێت بۆ نەخۆشەکان".

لە گەرمیان نەک بەش و بینای تایبەت بە نەخۆشە درێژخایەنەکان نیە، بەڵکو سەرجەم کارەکانیشی بەتەنها لە ژورێکدادەکرێت کە روبەرێکی زۆر بچوکی هەیە. لێپرسراوی هۆبەکە دەڵێت: "تەواوی ئیشەکانی ئێمە لە ژورێکی بچوکدایە کە رێگەی هاتوچۆکردنی تێدانیە، چونکە تەواوی دەرمانی نەخۆشەکان و سەرجەم کارمەندانی هۆبەکە لەم ژورەدان".

د.هاوکار برزۆ، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە قەزای کەلار، بەم شێوەیە باس لەو کارانە دەکات کە رۆژانە لە تەنها ژورێکی بچوکدا رایدەکەن: "لەکاتی بەیانیان لە دو پەنجەرەی ئەم ژورە بچوکەوە لە دەرگاکەشەوە فریای نەخۆش ناکەوین، چونکە بەتەنها لەم ژورە دەفتەر بۆ نەخۆش دروست دەکەین، دەرمان دەدەین بەنەخۆش، دەرمانی تێدا خەزن دەکەین ئەویش لە تەنها سەلاجەیەک، کاری جەردی رۆژانە و جەردی هەفتانەش تەنانەت ئامارو کاروباری ئیداریش هەموی هەر لەم ژورەیە".

سەبا سلێمان، کارمەند لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەهەمان شێوە باس لە کارەکەیان دەکات و دەڵێت: "هیچ کارمەندێکی ئێرە ناتوانێت پێنج دەقە پشو وەربگرێت قەرەباڵەخیەکی زۆر زۆرمان لەسەرە ئێمە لەم بەشە لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تاوەکو دوانزەی نیوەڕۆ سەرمان لەسەر سجلەکانە".

هۆکاری زۆری ئەم پاڵەپەستۆیە کە لەسەریان دروست دەبێت، سەبا سلێمان، دەیگەڕێنێتەوە بۆ "خراپی و بچوکی شوێنەکەیان زۆری ژمارەی نەخۆشەکانیان و کەمی ژمارەی کارمەند لە هۆبەکەیان".



دیمەنێک لە تەنها ژورەکەی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان

## ٨. نەبونی نەخۆشخانەو سەنتەری تایبەت بەنەخۆشییە درێژخایەنەکان کاریگەری لەسەر نەخۆشەکان چی بوە؟

لەم بەشەی راپۆری یەکەی چاودێری ژیانی نەخۆشانی درێژخایەن دەخەینەرو نەخۆشەکان شاهیدی ئەوە دەدەن کە لێرە هیچ ئاسانکاریەکیان بۆ نەکراوە، ئەگەر لە هەر چرکەیەکدا باری ژیانیان بکەوێتە

مەترسیەوە دەبێت بچنە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی ئیدارەی گەرمیان، بەوتەی توشبوانی نەخۆشی درێژخایەن لێرە ژیانیان هیچ گرنگیەکی نیە، چونکە بچوکترین چارەسەریشیان بۆ ناکرێت.

یەکێک لەو نەخۆشانە (فاتیمە محەمەد)ە، بەهۆی ناهەمواری باری تەندروستی ئەم خاتونە لێدوانمان لە (دونیا عەلی) کچی وەرگرت لەزاری کچەکەیەوە تەواوی ئەو گرفتانە دەخەینەرو کە فاتیمە نمونەی چەندان نەخۆشی دیکەی سنوری گەرمیانە بەهۆی نەبونی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان و نەبونی چارەسەر لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆیان هاتۆتەپێش.

دونیا، دەڵێت: "دایکم زیاتر لە (١٢) ساڵە توشی نەخۆشی شەکرە بوە لەم ماوەیە تەنها چەند جارێک بردومانەتە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، چونکە دکتۆرەکان راستەوخۆ جوابی ئەکەن ئەڵێن ئێمە ناتوانین هیچی بۆ بکەین بیبەن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، دایکم قاچێکی بڕاوەتەوە بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە مەعیدەشی ناساخە برینی هەیە ئێستاش بەهۆی شەکرەکەوە توشی کێشەی بینین بوە لە چاوەکانی، بەڵام ئەمجارە لە نەخۆشخانە حکومیەکانی سلێمانیش هیچ عیلاجێکیان بۆ نەکرد لەوێش ناردیان بۆ ناخۆشخانەی ئەهلی و لەو نەخۆشخانەیە نەشتەرگەریان بۆ چاوەکانی کرد".

نەبونی ئامێرە پزیشکیەکان وا دەکات لە گەرمیان نەخۆشانی درێژخایەن بۆ حاڵەتی کتوپڕی تێکچونی باری تەندروستیان بۆ تەنها تیشکێکی گورچیلە دەبێت بەم ڕێگا دور و پر مەترسیەدا بچێتە سلێمانی، لەکاتێدا ئەم نەخۆشە پێویستی بەوەیە کەشێکی تەندروستی بۆ بڕەخسێت و ڕاستەوخۆ پزیشک بینبینێت، کەچی لە گەرمیان دەبێت ئازاری ئەم ڕێگا دورەش بچێژێت لەگەڵ نەخۆشییەکەی.

روناک ئیبراهیم، نەخۆشێکی دیکەی درێژخایەنی گەرمیانە و دانیشتوی قەزای کەلارە، بۆ ماوەی بیست ساڵە توشی نەخۆشی درێژخایەن بوە (نەخۆشی لاواز بونی گورچیلەکانی)، لەماوەیەش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هیچ جۆرە چارەسەرێکی بۆ نەکراوە: "لە نەخۆشانەکانی ئێرە تەنانەت تیشکێکی گورچیلەشی لێنیە بۆ تیشکێکی گورچیلە ناچار رۆشتومەتە سلێمانی".

دەشڵێت: "ئەمە زۆر ماندوم دەکات سەرباری لایەنی زۆری تێچوی دارایی کە چەند مەسروفاتی هەیە من تەنها لەم هەفتەیە دو جار سەردانی کەرکوک و سلێمانیم کردوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر".

بەهەمان شێوە نەخۆشانی دیکەی گەرمیان باس لە خراپبونی باری ئابورییان دەکەن بەهۆی هاتوچۆکردنی زۆریانەوە بە هۆی ئەوەی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هیچ جۆرە چارەسەرێکیان بۆ ناکرێت توشی بارێکی ئابوری خراپ بون.

دونیا عەلی، دەڵێت:"ئەم هاتوچۆکردنە بۆ ئێمە زۆر زۆر زەحمەتە لە چەند هەفتەی پێشو دو رۆژ جارێک بردومانەتە سلێمانی خۆشمان سەیارەمان نیە بۆ هەر هاتوچۆیەک نزیکەی (١٠٠) هەزار بەس بە کرێی هاتوچۆکە دەدەین".

دەشڵێت: "بەهۆی ئەمەشەوە باری ئابوریمان زۆر خراپ بوە، چونکە ئێمە هەر فریای کرێی هاتوچۆی سەیارەی تایبەت دەکەوین ئەمە بەدەر لە پارەی پزیشک ئەو دەرزی و دەرمانانەی کە بۆی دەکڕین، بەڵام ئەگەر لێرە چارەسەری بۆ بکرایە هیچ نەبوایە خەرجی هاتوچۆکەی ئەمایەوە نەخۆشەکەش توشی ئەم هەمو ناڕەحەتیە نەدەبو".

نەک تەنها لایەنی مادی بەڵکو لایەنی جەستەش ئەم هاتوچۆیەیە بوە بە مۆتەکەی نەخۆشەکان وەک دونیا علی دەڵێت: "بۆ هەر هاتوچۆیەک دایکم ئازاری دونیا دەچێژێت حاڵی خراپ دەبێت دەرشێتەوە لەناو سەیارە تەنها خۆی هەست بەو هەمو ئازارەدەکات لەو هاتوچۆیە، چونکە گەر یەک بەرپرس هەستی بەوە بکردایە نەیان دەهێشت ئەو هەمو نەخۆشەی ئێرە بە رێگەی سلێمانی و شارەکانی دیکە ئازار بچێژن تەنانەت زۆرێک لە نەخۆشەکان دەچنە وڵاتەکانی دیکە".

بەهەمان شێوە روناک ئیبراهیم، دەڵێت: "من بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە نەخۆشی گورچیلەم هەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەر هەمیشە سەردانی نەخۆشخانەو پزیشکانی دەرەوەی گەرمیان کردوە چونکە هیچ دکتۆرێکی پسپۆری گورچیلە نەبوە لێرە تا بتوانم بە ئاسانی لە شارەکەی خۆم هەرکات بگونجێت یان کە باری تەندروستیم باش نابێت سەردانی بکەم".

ئەو نەخۆشانەشی کە فشاری خوێن و چەوری خوێنیان لە گەڵدایە بەهەمان شێوە باسلەوە دەکەن بۆ نەشتەرگەریەکی ئاسایش ئەمان لە گەرمیان هیچیان بۆ ناکەن چونکە نەخۆشخانەکانی ئێرە سیستەمی پاراستنی ژیانی ئەمانی تێدانیە.

شەکەوت محمەد،کە بەرزی فشاری خوێن و چەوری خوێنی لەگەڵدایە، دەڵێت: "من بۆ نەشتەرگەریەکی ئاسایی کە زۆر بە ئاسانی دەکرێت لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بۆیان نەکردم چونکە دڵنیایی ژیانم لێرە نەدەکرا لە نەخۆشخانەیەکی سلێمانی بۆم کرا ئیتر ئەبێت بۆ حاڵەتێکی قورس کە مەترسی لەسەر ژیانمبێت دڵم خۆشبێت لە شارەکەم نەخۆشخانە هەیە!؟".

دەشڵێت: "ئەوەی لێرە دەکرێت بۆ نەخۆش تەنها بۆ نەخۆشێکی سادەیە بێ ئەو چارەسەرەش نەخۆشەکە هەردەتوانێت بژی، ئەگینا کە حاڵمان کەوتە ئەگەری مردن و ژیان لێرە هیچمان بۆ ناکرێت یان دەبێت بمرین یان دەمانێرن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی کە لە بەراوردکردن بە ئێرە ئەوێ باشترە ئەگینا لەوێش هەموشتێک بۆ نەخۆش ناکرێت".

ئەم نەخۆشانە داواکاری ئەوەیان هەیە کە لە گەرمیانیش نەخۆشخانەی تایبەت یاخود سەنتەرێکیان بۆ بکرێتەوە بۆ هاوکاری کردنیان و کەمکردنەوەی هاتوچۆکردنیان بۆ دەرەوەی گەرمیان.

روناک ئیبراهیم، دەڵێت: "داوا دەکەم کە دکتۆری تایبەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان بهێننە گەرمیان وە جێگەی تایبەتیشی بۆ دابین بکرێت نەک بۆ گورچیلە بەڵکو بۆ هەمو نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تریش بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی چارەسەر وەربگرین و ناچار بە دەرەوەی کەلار نەبین".

## ٩. وتەی بەڕێوبەرایەتی گشتی  تەندروستی گەرمیان

لەکاتی باسکردنی کێشە تەندروستیەکانی ناوچەی گەرمیان راستەوخۆ دەبێت کێشەکان بخرێتە بەردەمی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بەو پێیەی بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لایەنی یەکەم و پەیوەندیدارە بە گرفتەکانەوە.

لەسەر تەواوی کارەکانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە گەرمیان ئاستی کارەکانیان شوێنی کارەکەیان  د.چیا براحەمە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بە وەکالەت، دەڵێت: روبەری شوێنی کارەکانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان زۆر بچوکە.

ئەو باس لەوەشدەکات: کاری ئەم هۆبەیە بەتەنها پێدانی دەرمان نیە بە نەخۆشەکان، بەڵکو هەمو کارەکانی تایبەت بە هۆبەکە لە هەمان ژور دەکرێت چەندینجار قسەمان کردوە لەسەر باشکردنی، چونکە پێمان وانیە کارەکانی ئێستا زۆرخراپبێت.

هەروەها بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بە وەکالەت، پێیباشە ئەم هۆبەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بخرێتە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی "لەبەر گرنگی کارەکانی ئەم هۆبەیە کە سەر بە نەخۆشخانەی گشتی کەلارە دەبێت سەربەخۆبکرێت کارەکانی و راستەوخۆ بخرێتە سەر بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان".

د.چیا براحەمە، پزیشکی پسپۆری دەرمانساز، دەربارەی نەبونی چاودێری ورد لە ماوەی بەکارهێنانی چارەسەر لە لایەن نەخۆشانی درێژخایەنەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە گرفتێکی دورودرێژە: "گرفتی نەبونی چاودێری نەخۆش لەکاتی بەکارهێنانی چارەسەر کێشەیەکی دورودرێژە لەبەر ئەوەی ئێمە ژمارەیەکی کەم پزیشکی پسپۆرمان هەیە لەو بوارەدا، چونکە ئەگەر بە دابەشکردنیش بێت بە رێژە بۆ سەدان نەخۆش تەنها یەک پزیشکیان بەردەکەوێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی پزیشکان نەتوانن حەقی تەواو بدەن بە نەخۆشەکان لەگەڵ".

بەشێکی هۆکارەکەش دەخاتە ئەستۆی نەخۆشەکان خۆیان و دەڵێت: "نەخۆشمان هەیە پابەند نابێت بە وەرگرتنی دەرمان و چارەسەرەکانی یاخود هەندێک جار دەرمانەکانیان لە کاتی خۆیدا بەکار ناهێنن ئەمەش دەبیتە گرفت بۆ جستەی نەخۆشەکە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بە وەکالەت، بۆ باشکردنی کارەکانی هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ئاماژە بەوە دەکات ئەو کارانەی پێویستە بۆ پێشخستنی کارەکانی لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی گشتیدا نیە "بەدامەزرانی کارمەند و زیادکردنی پزیشک دابینکردنی بینایەکی تایبەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەتوانرێت خزمەتێکی باشتر بە نەخۆشەکانی ناوچەکە بکەین، بەڵام ئەمە لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی گشتیدا نیە".

بۆ ئەوەشی دوبارە پێداچونەوە بە لیستی دەرمان و چارەسەری نەخۆشانی درێژخایەن بکرێت لە لایەن لیژنەی پزیشکی تایبەتەوە (د.چیا براحەمە) ئەمە بەکارێکی قورس باسدەکات "دوبارە پێداچونەوە بە دەفتەری نەخۆشەکان کارێکی قورسە، چونکە بۆ ئەم کارە دەبێت لیژنەی پزیشکی گونجاو دروستبکرێت لەگەڵ دابینکردنی شوێنی گونجاو، بەڵام لە پلانی بەڕێوبەرایەتیە هەرکات ژمارەی پزیشکی گونجاومان هەبێت لەگەڵ شوێن ئەوکات بێگومان ئەم پێداچونەوەیە دەکەین".

سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کە چارەسەرەکانیان لە دەرمانخانەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار وەردەگرن وەزارەتیش هیچ برە دەرمانێکی بۆ دابینەکردون، دەڵێت: "بەداخەوە وەزارەتی تەندروستی عێراق پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ تەندروستی گەرمیان نیە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە هاتونەتە سنورەکە وایکردوە ئەوە برە دەرمانەشی کە ئێمە لێرە بە ئاوارەکانی دەدەین لە سەر بڕی دەرمانی گەرمیان خۆیەتی".

لەسەر جۆری ئەو دەرمانەشی کە بۆ دابەزینی پەستانی خوێن بەکاردێت مەترسی لەسەر ژیانی بەکارهێنەرانی هەیە، د.چیا براحەمە، پزیشکی پسپۆری دەرمانساز، دەڵێت: "بۆ ئەم جۆری دەرمانە لە لایەن هەردو وەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە ئاگەدارکراوینەتەوە بە وەستاندنی ئەو دەرمانە ئەویش بە ژمارەیەکی دیاری کراو کە ناوەکەی دیاریکراوە راگیراوە".

وتیشی: بۆ هەر دەرمانێکیش کە لە کۆگانی گەرمیان کێشەیەکیان هەبێت لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی تەندروستیدا نیە کە بەتەواوی ئەو دەرمانە رابگرێت، تەنها بەشێوەی کاتی رایدەگرین و نوسراو دەکەین بۆ وەزارەتی تەندروستی، لە کوالێتی کۆنترۆڵی هەرێم بەدواداچونی بۆ دەکرێت، ئەگەر دەرکەوت ئەو دەرمانە کێشەی هەیە ئەوکات راگرتنی کاتی تێدەپەڕێنێت وە راگرتنی هەمیشەیی بۆ دەردەکرێت.

لەسەر نەبونی نەخۆشخانەی تایبەت و بەشی تایبەت بە نەخۆشانی تالاسیما و هیمۆفیلیا لە گەرمیان، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بە وەکالەت، دەڵێت: "گەرمیان تائێستا هیچ نەخۆشخانەیەکی بۆ ئەم نەخۆشانە تێدانیە، چەندیجاریش بۆ ئەم بابەتە نوسراومان کردوە".

## بەشی سێیەم: راسپاردە

١. هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان وەک تاکە شوێنی نەخۆشانی درێژخایەن لە گەرمیان پێویستیەکی زۆری بە شوێنێکی گونجاوە لەگەڵ رێکخستنەوەی و پێداچونەوە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان بۆ ئەوەی نەخۆشەکان سودی تەواو لە چارەسەرەکان وەربگرن و ئەو چارەسەرانەشی کە ئیتر پێویستیان نیە بتوانرێت نەخۆشێکی دیکە سودمەندبێت لێی.

٢. بەشێکی توشبوانی نەخۆشی درێژخایەن لە نەخۆشخانەکانی ئیدارەی گەرمیان هیچ جۆرە چارەسەرێیان بۆ ناکرێت تەنانەت چارەسەرەکانیشیان لە هۆبەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەردەست نیە، یاخود ئەو دەرمانەی کە هەیە کوالێتی باش نیە، ئەمەش بە لیژنەیەکی شارەزای باش لە دەرمانسازی دەتوانرێت چارەسەر بکریت لە کاتی کرِینی دەرمانەکان حسابێکی تایبەت بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشانە بکرێت.

٣. تەنها ژورێک لە روبەرێکی بچوکدا بۆ تەواوی کارەکانی هۆبەیەک جێگەی پرسیارە، چونکە ئەم تەنها ژورە بوە بە (شوێنی دەرمانخانە، جەردی دەرمان، پاراستن وکۆکردنەوەی دەرمان، ئامار، لەگەڵ شوێنی کارەکانی لێپرسراوی هۆبەکەش)، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر ئەم هۆبەیە دروست بێت، بۆ چارەسەرکردنی دەتوانرێت ئەم هۆبەیە بکرێت بە بەشێکی سەربەخۆ یان سەنتەرێک تەواوی مەرجەکانی تێدا بەرجەستە بێت بۆ ئەوەی خزمەتکردن نەخۆشەکان بە کردار بێت نەک تەنها بەرێکردن.

٤. چاوەڕوانی نەخۆشە بەتەمەنەکانی هۆبەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان لە ژێر تیشکی بەتینی خۆری گەرمیاندا لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وەڕەسی لە نەخۆشەکان برِیوە ناچاری نەخۆشیە درێژخایەنەکەیان وای لێکردون قبوڵی ئەم دۆغە سەختەی چاوەڕوانی بکەن، پێویستە ئیدارەی نەخۆشخانەکە هەوڵێکی جدی بدات لە باشکردنی شوێنی چاوەڕوانی ئەم نەخۆشانە بۆ ئەوەی حاڵەتی نەخوازراو رونەدەدات، چونکە تەمەنیان و باری تەندروستیان توانای وەها چاوەڕوانیەکی لەم چەشنەی نیە.

٥. داوا لە وەزارەتی تەندروستی بکرێت بۆ ئەوەی پشکی دەرمان و پێداویستی نەخۆشیە درێژخایەنەکان بۆ گەرمیان زیادبکات، چونکە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە سنورەکەدان و بوەتە هۆی بەرزکردنەوەی ژمارەی توشبوانی نەخۆشیە درێژخایەنەکان.

٦. کەمی پزیشک و نەبونی چاودێری بۆ نەخۆشیە درێژ خایەنەکان یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەو نەخۆشانە لە گەرمیان، بە جۆرێک کەمی پزیشک وایکردوە بە ماوەیەکی زۆر نەتوانن سەردانی پزیشک بکەن و ئەو ماوەیەش بە ناچاری لەسەر یەک جۆری چارەسەر بەردەوام دەبن.

٧. نەبونی بەشی تایبەت بە نەخۆشانی تالاسیما و هیمۆفیلیا قورسایەکی زۆری بۆ سەر ژیانی ئەم نەخۆشانە دروستکردوە لە گەرمیان لەگەڵ بارێکی ئابوری قورس بۆ خێزانەکانیان، چونکە بەبەردەوامی ئەم نەخۆشانە هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی دەرەوەی ئیدارەی گەرمیان دەکەن، کردنەوەی بەشێکی تایبەت بەم نەخۆشانە لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کاریگەریەکی باشی دەبێت بۆ کەمکردنەوەی باری ناهەمواری نەخۆشەکان، لە پێش کردنەوەشی، پێویستە بەرنامەی تایبەت دابنرێت بۆ ئەوەی تەواوی ئامێر و پێداویستیەکان و پزیشکی پسپۆری بۆ دابینبکرێت.


❋ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.

رێناس سالح، دۆسیەی تەندروستی.

**بۆ پەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ - ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org